# ١١١

# ملوانكه شيعرى مۆبايل

شاخەوان عەلی حەمەد

٢٠٠٧/ چاپی یەکەم

١١١ ملوانكه شيعرى مۆبايل

١١١ ملوانکە شیعری مۆبایل

ئەدرێس:١١١ ملوانکە شیعری مۆبایل
نووسەر: شاخەوان عەلی حەمەد مامۆکی
چاپ: یەکەم- بەرگی یەکەم
ساڵ: ٢٠٠٧
نەخشەسازی: کۆمپیوتەری هیوا
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانە: چوار چرا

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی
(٤٧٣) ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

-١-

**من قوتابی بەر دەستی تۆم**
**لەئیشق و ئەوینت پڕ بووم**
**کەدەرچووم لەوانەی حەزت**
**تەنها بەماچێکت سڕبووم**

-٢-

**گیانە، گیانم قوربانت بێ**

**دڵ بۆ گوڵت ، گوڵدانت بێ**

**دەبێ کێ بێ جگە لەمن**

**هەمووساڵێك میوانت بێ**

-٣-

کەی وشەی کۆچکردن جوانە؟
کەی وەرزی ئیشق بارانە؟
خۆشەویستی هەرسووتانە
کوانێ خەندە، هەرگریانە؟!

-٤-

لەسەر سنگ وستیانەکەت
دووگوڵی سوور دەبەستم
لەسەر چاوم دەتخەوێنم
گەرمت دەکەم، بەگڕی هەستم

-٥-

**بەسەر مێرگوزاری سەوزی**
**خاکی لەشت گوزەر دەکەم**
**بۆپەرستگای ئەم ئەوینە**
**چەپکێك نێرگزی ئاڵ دەبەم**

-٦-

**تۆ رۆيشتى بەبێباكى**
**دەستى كوڕێكى تر دەگرى**
**من تێناگەم چۆن لەوكاتە**
**بۆئيشقى رابردووت نامرى**

-٧-

ئەی کچە شۆخی بێ وێنە
ئیتر نامەی من مەدڕێنە
هەموو رۆژێك لای ئێواران
ئێس ئێم ئێسێکت بنێرە، بمدوێنە

-٨-

**پەنجەکانم هەڵوەرێنە**
**ئەگەر نامەت بۆنەنێرن**
**چی ئاشقانی دنیا هەیە**
**بەچاوانی تۆی نەسپێرن**

-٩-

**تكايە : دەستم دامێنت**
**سوالْكەرم،  هاتووم ئێرە**
**نە پارە، نەنانم دەوێ**
**ماچێكم بدەيتێ خێرە**

-١٠-

**بەس گلەیی لەمن بکە**
**لەباوەشتم، ماچت ناکەم**
**کچی ناسکی هەموو دنیا**
**بەچاوێکی سەوزت نادەم**

-١١-

سنگى نەرمت هێلانەیە
جێگەی ئەم دوو چاوانە یە
تێناگەم ، بۆتـائەو ئاستە
بۆئیشقم بەندیخانەیە

-١٢-

**لەدابارینی فرمێسکت**
**دنیا پرسە بار دەبینم**
**وەرە لەگەڵما پێبکەنە**
**تێکەڵا وبە بەئەوینم**

-١٣-

**لەچریکەی هەربولبولێك**
**دڵی شێتم سەرمەست دەبێ**
**دەنگت ئاوازێکی خۆشە**
**وائاوێتەی هەڵبەست دەبێ**

-١٤-

هاتووم لەزەریای سۆزی تۆ
جەستەی وشکم تەڕ تەڕبکەم
مەمدەرە بەرشە پۆڵی ماچ
نەکا لیۆت پەڕ پەڕبکەم

-١٥-

دەستت لەسەر گۆنام دانێ
بە پە نجەت، پرچم دابێنە
لەناولانکی خۆشەویستیت
تۆزێك دەنووم، مەمگرییێنە

-١٦-

بەخەیاڵی خەونی سەوزم
بێ ئارامم گوڵی ژینم
وەرەماڵم تاهەتایە
من خاوەنی دووسەرینم

-١٧-

دەوای دەردی دڵدارانی
تۆ بۆ من هەموو ژیانی
ئەی بۆ رەحمێکم پێ ناکەی
ئاهـ.. کەسێکی بێ زمانی

-١٨-

**بەردمەگرە لەشووشەی دڵم**
**من پەیکەری بەردەمی تۆم**
**بەو پلیکانەسەرکەوە**
**دانیشتووم لەیەکەم نهۆم**

-١٩-

**پەرچەم زێڕین خەیاڵاوی**
**بۆچی بەس فێری شاڵاوی**
**وەرەسەردانی من بکە**
**شیعری سەوزم بۆ داناوی**

-۲۰-

چەندین چیرۆکی دڵداریم
خستە بەردەم چاوەکانی
کەچی بێباك لێرە رۆیی
تەڕم نەکرد لێوەکانی

-٢١-

وەرە لێوی تەڕت بێنە
ماچێك بەلێوماهەڵواسە
رووومەتی من سەوزکەوە
تاکەی پڕ پڕ بم لەتاسە؟!

-٢٢-

شیعر بەس بۆ تۆ دەنووسم
نەکا ئیتر خەیاڵیشم کاڵ بێتەوە
باگوڵی تەمەنی شیرین
لەتووێی دەستت بکرێتەوە

-٢٣-

رادەمێنم ، ئەی یار
لە پرسیارێك كەژیانم پێیەوە بەندە
خۆشەویستیت چەند گەورەیە؟!
بۆچی سەرقاڵم ئەوەندە؟

-٢٤-

هێنده بۆیادت گریاوم
چاوم بۆته زەریای خوێنین
ئەوانەی کەباسیان دەکەی
هاوڕای ئێمە نین، خوێنشیرین

-٢٥-

باله گۆڕەپانی ئیشق
چاو بۆ نیگای یەك بگێڕین
خۆ لەناو سەماو مەستیدا
گرنگ نییە، گیان بسپێرین

-٢٦-

حەز دەكەی لەباوەشتابم
بۆ نێو چەوانت وەك ( تا )بم
حەز دەكەم تا تەمەن ماوە
هەموو رۆژ لەبەردەمتابم

-٢٧-

**نیگات دڵم دەتاسێنێ**
**خەمم لەبیر دەباتەوە**
**ئای چەندخۆشە ئەوشەوانەی**
**دەستی گەرمت، چاوی شیعرم دەکاتەوە**

-٢٨-

تۆ هێندە  بەدگومان مەبە
ئەوکەسەنیم کە پێت  وایە
خەمی ئیشقی تۆ هەڵناگرێ
تەنها ئاڵوودەی سەمایە

-٢٩-

كەچاوى خۆت دەكەيتەوە
رقم نەرم دەچێتەوە
بۆ پەرستگاى چپەى نەرم،
لەوێش وەك خۆر هەڵدێتەوە

-٣٠-

ئەو بارانانەم خۆش دەوێن
کە روخسارت دەشۆنەوە
ئەو چۆلەکانەم خۆش دەوێن
ئاوی چاوە پاکەکانت دەخۆنەوە

-٣١-

**تۆ تریفەی مانگە  شەوی**
**جوانی دەدەیت بەروخسارم**
**رەنگە عیشوەت شێتم بکا**
**چاوێك بنوقێنە خێرا ، ، زۆر بێزارم**

-٣٢-

لەئەلبوومی  تەمەنی من
بەس وێنەی تۆ نەسووتاوە
سەیری بینایی مەستم کە
لەبتی  بەژنت ئالاوە

-٣٣-

خەمی دووریی گوڵی هیوام، لەکۆڵ ناوە
تروسکایی ئەم ئەوینە، لەسەرنیگام بەجێماوە
دارشتنم لەسەرخۆشەویستی نووسی
پەشیمانم کەناوی تۆم لەناویدا، دانەناوە

-٣٤-

بەهار بەرگی خۆی دەپۆشێ
تۆش زەریای مان و نەمانی
گەڵای تەمەن هێشتا سەوزە
تۆ بۆ من سەرتا پاژیانی

-٣٥-

**كه مانگ بەتاسەوە هەڵدێت**
**ماچی روخساری رۆژ دەكات**
**بۆگەرم كردنەوەی ئیشق**
**ئاگری بەموحیبەت دەدات**

-٣٦-

دەرگەی ئەوینت والاکە
بەرگی رووتی لەجەستەی مندا داکەنە
نەماچ لەلێوم بڕفێنە
نەبەزامیشم پێبکەنە

-٣٧-

له‌نێو ته‌كيه‌ى زيكرو يادت
سه‌رخۆشم، حاڵم گرتووه‌
چيم؟ ده‌روێشى ته‌ريقه‌تم
ده‌فى ئيشقم هه‌ڵگرتووه‌

-٣٨-

لێیان  پرسیم ناوت چییە؟
لەچ شۆخێك ڕادەمێنی؟
گوتم : ڕێحانە سەوزی  تەڕ
لەتووێی ئینجانەی هەوێنی

-٣٩-

خۆمو خەمە پاكژەكانم
خۆشەويستى تۆ ماچ دەكەين
تا وێنەى ئيشقت دەبين
كام باج گرانە ئەو دەدەين

-٤٠-

**نەدڵ پڕكە لەتەنهایی**
**نەبەوجۆرە خۆشت بوێم**
**دەست لەسەر گیانی ئەژنۆیە**
**بۆ بێدەنگی، بۆچی نەدوێم**

-٤١-

کەتەنیایی پڕاو پڕت دەکا لەخۆی
چاو بەگریان سەر قاڵ مەکە
بەڵام ترپەی ناو دڵی گوڵ
لەئەوینت بەتاڵ مەکە

-٤٢-

تۆو گوڵو خۆر ژیانمن
بەبێ ئێوە هەرگیز ناژیم
پێم بڵێ: ئەی یاری چاوەمەست
فریشتە، یان جەللادبوودیم؟!

-٤٣-

مەدالیای عەشق هەڵواسە بەملتەوە
چونکە من بۆنی تۆ دەگرم
گەر رۆژێکیش سەفەر بکەی
گوڵم دڵنیابە دەمرم

-٤٤-

بێ گومانبە ماڵئاوایی
وشەی دەمی ئاگردانە
هێندەی لەگۆنات رامێنم
هەناسەشم سەرگەردانە

-٤٥-

دواى نوێژ کەدەست هەڵدەبڕم
بەدەم نزاوچاوى گریان
دەڵێم: خوا بەیەکمان شادکەى
تۆش لەناخى دڵتا بڵێ: بەسووتان

-٤٦-

رازو نیازو ژیانمی
چۆن رەنگم کەی هەر تابلۆی تۆم
ئەی کچی لێوسووری رووگەش
بێ تۆ من چی بکەم لەخۆم؟

-٤٧-

تۆشەڕابی ناو کوپێکی
وای لەدەستم ، زۆر شیرینی
چیم هەیە بەقوربانتی کەم
چەند نازداری، چەند گەشبینی؟!

-٤٨-

بەبرژانگی  چاوی کاڵت

لەمەستی مەستترم دەکەی

کۆیلەی  ئەوینی گوڵگرتووم

ئێوارەیە! بۆکوێم دەبەی ؟!

-٤٩-

بەقوربانی ئەو شوێنە بم
کەبەسەریاتێدە پەڕی، خۆڵ و خاکم
ئاشق و شێتی لێوانتم
ماچێك ببەخشە ، خەمناکم

-٥٠-

لەئاستمدا بەشەرمەوە
چاوەکانت هەڵمەهێنە
لە نجەولارت شێتم دەکەن
لەباوەشی گەرمی دڵتا، بملاوێنە

-٥١-

**ببمه ئاگر، دڵنيابه**
**خۆزگەكانت ناسووتێنم**
**گەر رەشەباى خەزانيش بم**
**گەلاى گوڵى خەونەكانت ناقرتێنم**

-٥٢-

**بۆچی لەدەستی ستیانە**
**ئەم جووتە سێوەت داناوە**
**وەرە ئەوینم سەوزکە**
**تاخوێنی ئیشقم تیاماوە**

-٥٣-

ڕەنگت سپی، وەکوو بەفر
پێستت نەرم وەکوو لۆکە
منالم دەگریم بێمالم،
خۆشم دەوێی ، ئەی بووکۆکە

-٥٤-

جەژنی ساڵی تازەت پیرۆز
بەدڵی گەرمی شادەوە
گیانم قوربانی پەنجەت بێ
بۆچی نامەت نەناردەوە

-٥٥-

**شنەبای شادی بنێرە**
**گیانم تامەزرۆی پەیامە**
**وەك گەڵای زەردی پایزم**
**سەوزم كەرەوە بەنامە**

-٥٦-

رۆحم لەبازاڕی حەزت
دێ، دەگەڕێ، لێوت دەگرێ
ماچ ئاوێتەی ئاواز دەکا
سەدجار لە پێناوتا دەمرێ

-٥٧-

کوڵانەکانی ئەم شارە
دەمبەنەوە سەر یەك ڕێگا
دێنە پێش ودەستم دەگرن
دەمبەنەوە بۆ یەك جێگا

-٥٨-

دەرگەی زامی کۆن مەکەوە
دەردی دڵم بێ ئەژمارە
بۆ هێندە گلەیی دەنێری
کوا ئەشك لەرووتا دیارە

-٥٩-

لەدەفتەری بیرەوەریم
تەنها نامەی تۆ دەبینم
ئیتر گوڵم بەزەیی بە
دووجاربسڕەوە ئەسرینم

-٦٠-

**وەك مۆم بۆ شەوی بووكێنیت**
**دەگریم بۆژینی رابردووم**
**ئەی ئەوكچەی لەگەڵتابووم**
**بۆ ئەوكچەی لەدەستی چووم**

-٦١-

لێوی وشکم بناسەوە
لەسەر کوڵمی تۆ رووا‌وە
دە (sms) ێك بنێرە
وەرە گوڵم بۆت داناوە

-٦٢-

نازانم بەچیت بچوێنم
وای لەنێو ئەوینی مەستم
جوانیم بەئیشقی تۆ بەندە
ئەی بینایم، ئەی مەبەستم

-٦٣-

بەستەو دڵی پەشێوحاڵم
لەنامەی تۆ دەگەوزێنم
لەرۆژی ڤالانتایندا
باسیکە گوڵم چی بێنم

-٦٤-

به پەرۆشەوە مامۆستام
پرسیی: لەبەرچی راماوی
لەبێدەنگیما روونترە
وایە بۆئیشقێ سووتاوی

-٦٥-

سبەی ئێوارە دێیتەلام
گوڵم لێوم بۆ داناوی
پەیکەرێکی لەناوچاوم
چەن ساڵێکە کپ وەستاوی

-٦٦-

کەخامەی دەستی کوڕەکەم
وێنەی بەژنت دەنەخشێنێ
دڵنیامە کە قاسیدێک
نامەی تازەی تۆم بۆ دێنێ

-٦٧-

لەیەکەم جێژوان فێربووین
هەربۆ یەکتری بمێنین
وەکو بولبول لەباخچەی دڵ
نیگای دڵداری بدوێنین

-٦٨-

بەیەکەوە گەشتێك دەکەین
پێکی حەزمان دەخۆینەوە
ژانەکانمان هەڵدەوەرن
دووچەپکە گوڵ دەبەینەوە

-٦٩-

كەهەنگاوێك دەهاوێژی
بەرەو ئەم چاوو ئەوینە
واتێدەگەم کەوا دنیا
بەس لەگەڵ تۆدا شیرینە

-٧٠-

**ئەوەی لەم نامە دەینووسم**
**کانی حەزو سۆزی دڵمە**
**تەنها داوایەکەو تەواو،**
**لیۆم بلکێنە بەکوڵمە!**

-٧١-

هەر کەژاوەیەك دەبینم
سەیری سیمای گەشت دەکەم
توخوا خەتای منە؟، یان تۆ
کەدەڵێی :  بەش بەشت دەکەم

-٧٢-

**له‌ئه‌مشه‌و هه‌تابه‌يانى**
**بۆ قژت  ده‌ڵێم گۆرانى**
**بۆ هێنده‌ سكالاّ  ده‌نێرى**
**مه‌سيحى يان موسڵمانى ؟!**

-٧٣-

**تەمومژی ماچت ناڕوا**
**ئاسمانی لێوی تەنیوم**
**تەنها بەبروسکەی تەماشات**
**هەموو ئارامیت لێ بڕیوم**

-٧٤-

گەر قەڵای خەمونامۆییت
بەسەرماڵی دڵم برمێ
دەبمە دارێك لەحەوشەتان
بابالندە لەسەر قەدم هەڵبکورمێ

-٧٥-

هەواڵی مردنت بگات
تـاجی سەروەریم دێنمە خوار
تـائەو ڕۆژەی  کە دێیتەوە
داهاتـووم دەدیت بەبەهار

-٧٦-

ئەشكی نەڕژاوی چەند ساڵە
لەچاوانم دەپرژێنم
لەسەر ڕێگەی قوتابخانەت
هەموو ڕۆژێك گوڵ دەڕوێنم

-٧٧-

نێچیرم بۆ چاوەكانت
كەوا پڕاوپڕن لەراز
دەبێ ئیشقت لەتم نەكا
تەنها لەبەر بێمەیلیو ناز

-٧٨-

**چەندتەنیا بم، چەند دڵتەنگبم**
**تۆ هەر چرای گەشی ژیانی**
**لەناخی ئەوین رۆدەچی**
**چەند نەرمینی چەند نیانی؟!**

-٧٩-

بەبیرت دێ خۆشەویستم
لەسەر سنگت گوڵم دەچنی
لەسەر چی لەدڵم دابڕای
هەم یادگاریت و هەم ونی؟!

-٨٠-

لەئاسمانی هەست وبیرم
کامە وشە تەڕو سەوزە
دەیکەمە گوڵێکی پاکژ
بۆ ئەوکچەی بالاّی بەرزە

-٨١-

بچمە هەر شوێنێ، جێگەیێ
پڕ بەگەرووم هاوار دەکەم
ناوێك لەناوی تۆ بچێ
هەر سێ چوار وشەی لێ دەبەم

-٨٢-

سەرم بەکتێبێ داگرت
تێکەڵ بەجیهانێکی دی
ئیتر فرمێسکم نەوەستا
گریام بۆگریانێکی دی

-٨٣-

بێپەروا دێمە بەردەمت
تاوێ لەگەڵ لێوت دەدوێم
هەرمن دەبم بەگوڵی تەڕ
لەتوێی ئینجانەکەت دەڕوێم

-٨٤-

دەستم وەکو کەمانچەیێ
قژم وابە دەستتەوەیە
دێم لەچاوانت دەپرسم
کوا فرمێسک، گوڵم هەیە؟!

-٨٥-

ئێمە سێبەرمان ئەوینە
هەناسەی پاکمان شەڕابە
کێ پێی گوتی: داهاتووتان
دوارەنگدانەوەی سەڕابە

-٨٦-

چاوت وه‌كو كانی وایه
بۆ دڵته‌نگی ده‌نگت نایه
چی له‌خه‌م‌و ئازار ده‌كه‌ی
ئه‌وا وێنه‌ت له‌ده‌ستمایه

-٨٧-

**شيعرم وەكو مەدالیایە**
**بەملت هەڵیدەواسم**
**لەوکاتەوەی تۆ دەناسم**
**لەسەوزیدا وەك ڕێواسم**

-٨٨-

مەرام  بۆزامێکم بێنە
من تاڵیت لەلا ناهێڵم
گەڕیدەی نێو یۆتۆپیای تۆم
بۆچیەی شەوانت وێڵم

-٨٩-

**ئەگەر رۆژێك لێم تووڕەبووی**
**ئەگەر ویستت بمسووتێنی**
**پێویست بەگلەیی ناکا**
**تا دڵ لەجەستە بڕفێنی**

-٩٠-

تۆ شیرینی  هێندەی ژیان
من هەربەباران تەڕنابم
تۆ پڕ ئەوینی ئەی گیان
من بەجارێ پەڕپەڕنابم

-٩١-

فرمێسكی شیعرم پاكژە
تابەڕوومەتتا بێتەخوار
گوڵی ڕەشت لێ وەرناگرم
لێوی سوورت بێنە یەكجار

-٩٢-

سەفەرمەکە کچی نازدار
باله فرمێسك نەگەوزێم
تۆ کەهەڵەت نەکردووە
بۆچی بەجێ دێڵی ڕێم

-٩٣-

**گوڵم گەر دووریت دەریابێ**

**دڵنیابە من ئاسمانم**

**ئەگەر رۆژێکیش ئاسمان بیت**

**مەترسە! هەوری بارانم**

-٩٤-

لەباوەشی گەرمت دەنووم
باتۆزێك ئارام ببمەوە
بەرەو هەواری خەیاڵ و
چەند یادگارێكت بچمەوە

-٩٥-

دڵم دەفڕێ، داناسەکنێ
بەرگی سپیت داپۆشیوە
وەکو نەهەنگێکی سەرشێت
نیوە ڕێگەی لێوتی بڕیوە

-٩٦-

لەهەر نیگایەکت شیعرێ
دەهۆنمەوە، پڕ لەخەندە
گەرووت چێژی ئاوازێکە
دڵی من پێیەوە بەندە

-٩٧-

**كانى بنارم لێڵ مەكە**
**ئاوى سۆزم بخۆرەوە**
**جارێك ونمكە لەمەستيت**
**بۆ ئەبەد لام بڕۆرەوە**

-٩٨-

رق هەڵمەگرە، تووڕە مەبە
با شەقام و کۆڵانەکان
بەرگی تاریکی نە پۆشن
بەبار تەقای رەشی ئاسمان

-٩٩-

**هەمیشە بەخەیاڵی تۆ**
**دەچمە هەر هەموو شوێنێك**
**ئەگەر سەوزیت گەرمم نەكا**
**دانا پۆشرێم بەهیچ نوێنێك**

-١٠٠-

**خۆزگە دەبوومە کتێبێ**
**لەیەکێ لەدەستەکانت**
**لەبەردەمتا کراوە بام**
**لەیەکێ لەوانەکانت**

-١٠١-

**سەوزایی بەهار دڵگیرە**
**کە خۆی بەئاشقان دەبەخشێ**
**وای لەدیمەنی جوانت**
**گیانە پێم دەبەخشی، بەشێ؟!**

-١٠٢-

چاوەكانت بێدار مەكە
دەرگەی دڵم داخستووە
مەحاڵە بێمە پێشوازیت
بیری ئیشقم ون كردووە

-١٠٣-

زووكەبەم شەوە درەنگە
رازی پەنهانیت هەڵڕێژە
ئەوا تیشكی خۆر دیار كەوت
گوڵم گۆرانییەك بێژە

-١٠٤-

کەبای تووڕەییت هەڵدەکا
سەرتا پا گیانم دەلەرزێ
ئەگەر بۆ بەژنت نەنووسم
نووکی پێنووسم دەتەزێ

-١٠٥-

**لە ناو ئەلبوومی وێنەکان**
**تەنها وێنەیەك دەناسم**
**ئەویش سەوزی دایپۆشیوە**
**خۆم بەسۆزی هەڵدەواسم**

-١٠٦-

**چەند خۆش بووکابووس نەبووایە**
**شەو و رۆژ لەلات دانیشم**
**لەسەر دارتێلی  پەنجەی تەڕ**
**بەئارامی هەڵبنیشم**

-١٠٧-

**خەو بەمردنم دەبینم**
**(SMS) ێکی تۆ دەگات**
**بەبێ ئەوەی بڕیار بدەم**
**دەرگەی ژینم لێ دادەخات**

-١٠٨-

بەخەیاڵ بوومەتە پردێك
تۆش بەسەرمارادەبووری
پڕاو پڕی لەتووڕەیی
خاڵی خاڵی لەسەبووری

-١٠٩-

تۆ بەهەشتی ئەم دنیایەی
من گوڵەکانت بۆن دەکەم
لەباڵاکەت جوانترنییە
ئیتر بۆ دڵت پێ نەدەم

-١١٠-

نامەوێ گۆرانییەك بم
هەموو كچێك بملێتەوە
رێگە دەدەم هەتا ئەبەد
برینم بۆت بكولێتەوە

-١١١-

**لەهێلانەی چاوم بنوو**
**بەهاوار راتنا چڵەکێنم**
**چونکە هەتا دنیاماوە**
**بۆ بزەکانت هەوێنم**

## سوپاس‌و پێزانيم بۆ :

- نووسەرو رەخنەگری لاو کاك (رابەر فایق)ی شاعیر لەمەر پێداچوونەوەو دارشتنەوەی ئەم ملوانکەیە.
- کاك ئاشتی رۆژنامەفرۆش بۆ لەچاپدانی ئەم نۆبەرەیەو هاوکاری کاك (نەهرۆ عەلی) و(خەبات تۆماری)شاعیر.
- نوسینگەی کۆمپیوتەری هیوا.
- هەموو ئەوانەی خۆشم دەوێن.